بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**
**رێکەوتی بڕیار: ٢٠١٥/٩/١٦**

## بــڕیــاری
## ژمارە ( ٦ )ی ساڵی ٢٠١٥
## میکانیزمی گفتوگۆکردن و پەسەندکردنی پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان

پاڵپشت بەحوکمی ماددەی (٩٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی١٩٩٢ی هەموار کراو و، لە سەر پێشنیاری لیژنەی کاتی بۆ پێداچوونەوە بە پەیڕەوی ناوخۆ بەپێی بڕیاری ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠١٤، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی خولی پاییزە لە رۆژی٢٠١٥/٩/١٦دا ئەم بڕیارەی دا:-

**ماددەی ( ١ ) :**

هەر ئەندامێکی پەرلەمان بۆی هەیە لە سەر هەر ماددەیەك یەکجار قسە بکات و دەبێت لە ماوەی دوو خولەك قسەکانی تەواو بکات ٠

**ماددەی ( ٢ ):**

پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆ بەش بەش دەخوێندرێتەوە ، ئینجا ماددە بە ماددەی ئەو بەشەی بەپێیّ ریزبەندی ماددەکان دەخرێتە گفتوگۆ ، لە دوای تەواو بوونی گفتوگۆ لە سەر ماددەکانی هەر بەشێك ، ئینجا ماددە بە ماددە دەخرێتە دەنگدان ٠

**ماددەی ( ٣ ):**

هەر ڕایەك بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدان دەبیّ بەلایەنی کەم لە لایەن سیّ ئەندامی پەرلەمان پشتگیری بکرێت.

**ماددەی ( ٤ ):**

هەموو پەیڕەوی ناوخۆی نویّ بەیەکەوە دەکەوێتە واری جیّ بە جیّ کردن و دوای ئەوەی هەموو پەیڕەودەخرێتە دەنگدان ، ئینجا بە پەسند کراو هەژماردەکرێت ٠

**ماددەی ( ٥ ):**

ئەو پۆلێن کردنەی لە پرۆژەی پەیڕەوی نویّ کراوە بۆ ماددە و بەشەکانی ئەم پەیڕەوە دەکرێت لە دوای تەواو بوونی گفتوگۆ لە سەری لیژنەی پەیڕەو ڕیزبەندی بەش و ماددەکان دابڕێژرێتەوە.

**ماددەی ( ٦ ):**

میکانیزمی وەرگرتنی خاڵی پەیڕەوی لە کاتی گفتۆگۆکردنی ئەم پرۆژەیە تەنها لەو حاڵەتانەی خوارەوە دەبێت:

**یەکەم:** ئەگەر پێشێلی یەکێك لە مادده و بڕگەکانی یاسا بەرکارەکان یان یەکێك لە مادده و بڕگەکانی پەیڕەوی ناوخۆ کرا لەگەڵ ئاماژەکردنی بە ماددەکە.

**دووەم:** ئەگەر گفتوگۆکان لە بابەتی دانیشتنەکە دەرچوون.

**سێیەم:** داواکردن بۆ دواخستنی گفتوگۆ لەسەر بابەتێك و بڕیاردان لەسەر گفتوگۆکردن لەسەر بابەتێکی دی یان ئاڵوگۆڕ لە بەرنامەی کار.

**چوارەم:** ئەگەر هەر ئەندامێك داوای ئاخاوتنی کرد لە ڕێگەی خاڵی پەیڕەوی بەڵام ئاخاوتنی خاڵی پەیڕەوی نەبوو سەرۆکی پەرلەمان دەتوانێت ئاخاوتنی پێ ببڕێت و لە کاتی دووبارە بوونەوەی لەو دانیشتنەدا هەلێکی تری ناداتێ بۆ ئاخاوتن لە ڕێگەی خاڵی پەیڕەو .

**ماددەی ( ٧ ):**

کار دەکرێت بەم میکانیزمە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە و لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان )دا بڵاودەکرێتەوە.

**جعفر إبراهیم ئێمینیکی**

**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان- عێراق**